چیرۆکی وەرگێڕاو

# دیواری هاوبەش




میترا داوەر

و: ئەردەڵان فەرەجی


زۆر جاران حەز دەکەم ئەم دیوارە وەک پەردەیەکی ناسک بڕوات، تا ببینم پشت ئەم دیوارە، پشت ئەم پەردە سوور و ئاڵۆزە چی روو دەدا.

هەندێ جار لە بەر دەرکەی هاتنەژوورەوە دەیبینم، بە قژە سوور و قەمسەڵە سوورەکەیەوە.

هەموو گەڕەک دەیناسن، تەنانەت گەنجەکانی شەقامەکانی سەرتر و خوارتریش، نازانم چەندە.

لە پشت پەنجەرەکەوە دەوەستم. پیاوێکی گەنج دەبینم کە لە پاڵ دیواری هاوبەشی هاتنە ژوورەوەی ئێمە تێ دەپەڕێت. سەیرێکی قاتی چوارەمی بیناکە دەکات. سەرم دەکێشمە پشت دیوارەکەوە. هەندێک لەوان رەنگە ناونیشانەکە باش نەزانن، چاوەکانیان سەرگەردانە تا کچێک ببین بەرکاتەوە، قژی کورت، بیست و دوو سێ ساڵی تەمەن بێت.

هەر کات کە من دەبینێت بەردەکات بەولاوە. هەندێ جار وەدوای بیانوویەک دەگەڕێم تا شتێکی لێ بپرسم... زۆر جار بیتاقەت دێتە بەرچاو بە سێ گرێ کوێرەوە.

رۆژی سێشەممە سەعات شەش لە یاریگا دیتم. بە ملپێچە سوورە حەریرەکەی دەوری ملییەوە ناسیمەوە. بە هاتنی بۆ یاریگا ورتەورت کەوتە ناو ژنەکانەوە.

پەریسا گوتی: هاتووە بە دوای کڕیار.

ژنێک کە سەری نابوو بە پاسکیلەکەوە گوتی: کێ وەدوای کڕیارەوەیە؟

وتم: خەوت زرا!

بە جووڵەیەکی خاو سەری بەرەو لای من سووڕاند. بە دەنگێکی بەنازەوە وتی:

– تۆ خەوت نایا؟

گوتم: نا. تۆش، باشە سەردانێکی دوکتۆر بکەی.

دەستێکی بە باسکمدا کێشا و وتی: یاری دوکتۆر دوکتۆرێن؟

دەستم کیشا دواوە. چوو بەرەو تارا. لە چەند میترییەوە دەم دی، خەریک بوو دەستی دەکێشا بە باسکی تارا و شتێکی پێ دەگوت.

بە بڕوای من تارا وەدوای کڕیارەوە نەبوو، زۆرتر نوقمی تەماشای خۆی بوو.

راهێنەری یاریگاکە لە ناوەڕاستدا وەستابوو و بە دەنگی بەرز دەیگوت: راکە... راکە...

من و پەریسا  شانبەشانی یەکتر رامان دەکرد و قسەمان دەکرد.

بە پەریسام گوت: وەدوای کڕیارەوە نییە. هەمووان بۆ خۆی رادەگرێت. زۆربەیانی خۆش دەوێت. نایەوێت بەخشندەیی بکات.

– زۆر ساویلکەی! وەدوای پارەوەیە.

– پارەش وەردەگرێت! بەڵام زۆربەیانی خۆش دەوێت. من قەڵافەتی ئەوانم بینیوە.

– ئەوە دەڵێی چی!؟ گورگی رۆژگارن.

– یەکیان بە مۆتۆرسیکلێتەکەی دێت، هەندێ جار ئێوران. هەریەکیان کاتێک یەکتر دەبینن، عەسەبین. تارا بەردەوامە لە جاوینی بنێشتەکەی... کوڕەکە زۆر کزە. قژی خورماییە.

ڕاهێنەرەکە بە من و پەریسای گوت: خێراتر خانمەکان... سەر ڕێی ئەوانی ترتان گرتووە!

چەند خولەک جیا لە یەک رادەکەین. راهێنەرکە سەری بە شتێکەوە قاڵە و قسە دەکات، دیسانەوە من و پەریسا دەستمان پێ کردەوە.

پەریسا گوتی: من نیگەرانی مێردەکەمم!

– شێتی ها!

– شێتی چییە؟ ئەمانە مۆرەی ماریان پێیە. فاڵ دەگرنەوە.

– زۆرتر دوای هاوساڵانی خۆیەوەتی. بیست و سی، چوار ساڵەکان. ئەو تەمەنانە.

– لە گەڕەکدا کچی وا مەترسیدارن.

– لە هەموو شوێنێک هەن. تۆ لێرە دەیانبینی.

– ئاڵمانیات بیرچووەتەوە؟ پێی چەقاند بگەڕێینەوە. دەزانی لەوێ... هەر دەترسا کە من لە دەست بدا، ئێستا لێرە باڵ فش دەکاتەوە.

ڕاهێنەرەکە ئاهەنگی "ای ایران"ی خستووەتە سەر، دەنگی ئاوازەکەی کە زیاد کرد، خێرایی وەرزشوانە ژنەکان، زیادی کرد.

– راکە... راکە... پێنج خولەکی کۆتاییە...

لە بەر دەرکە روو لە دایکی هاواری دەکرد:

– بە دانە دانەی ئەوانەی کە لێرە دانیشتوون، دەڵێم ئەمە دایکمە، هەمووتان دەتوان... ژنان بە نینۆک دەکێشن بە روومەتیاندا.

سرتەسرت دەکەوێتە نێو ئەو ژنانەی هاتوونەتە دەری. دەنگەکان مەنگ و تاریکە.

– دایک و باوکیان هەیە؟

– ئەری بابە! باوکە بێچارەکەیان وێران بووە، سەیری قژە سپییەکانیت کردووە، کەمتر لە پەنجا ساڵە.

– دەڵێن دایکەکە دەستی پێ کردووە.

– پێرێ دایکەکە هاورای دەکرد بەدبەخت، تۆ بۆ هەزار تمەن...

– یەعنی دەڵێت کەمە ها!

لانی کەم بیست کەسیانم بە چاوی خۆم بینیوە. لە نێوان هەژدە تا بیست و حەوت، هەشت ساڵە. زۆرتریان بالا بەرزن.

سارا لەسەر پاسکیلەکە وەستاوە و پیدال لێ دەدات. سەیری سیمای کە وێدەچێت نیگارکێشێکی شارەزا بە قەڵەم دانیشتووە و وێنای کێشاوە. لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکرد. منیش لە ئاوێنەوە سەیرم دەکرد و دواتر سەیری خۆم و باقی ژنەکانی ترم کرد.

ژنەکان دەوران دەوری هۆڵەکە رایان دەکرد. بۆ جوانی لەش و راگرتنی جوانییان هەموو هەوڵی خۆیان دەدا.

لە تارام پرسی: بۆچی جوانی ئەوندە بۆ ژنان گرینگە؟ زۆر کەم پیاوێک بۆیاغ لە دەموچاوی هەڵدەسووت.

سەیرێکی کرد. بێ وەڵام دانەوە پیدالی لێ دا. ژنە خەواڵووەکە شل ڕێی دەکرد. دیسانەوە دەستی بە باسکم داکێشا و پرسی:

– یاری دوکتۆر دوکتۆرێن؟

پەریسا وەستابوو لەسەر ئامێری ورگ چکۆڵەکرنەوەکە و بەردەوام بوو لە سووڕاندنی خۆی بەرەو لای ڕاست و چەپ، لە ئاوێنەکەوە هەموو هۆشی لای تارا بوو. تاراش هۆشی لای کچە گەنجە سەوزەکە بوو کە گوارەی بازنەیی لە گوێ دابوو. قژە ڕەشە قەترانییەکەی لە پشتەوە بەستبوو. کاتێک هەڵدەهات قژەکانی بە نازەوە چەپ و ڕاست دەخولاندەوە. پەریسا هاتە پاڵم و گوتی: دیت؟ ئەو سەوزەیە! چەند کەشخەیە.

کاتێک کە جلەکانمان دەگۆڕی دیتم کە تارا لەگەڵ ئەو کچە سەوزە چاک و چۆنی دەکرد. کاتی قسەکردن چەند جارێک بە تەڕی زمانی وشکی لێوی سڕی. ئەو کاتە پەریسا شانی دا لە شانم و لە گوێمدا گوتی: بۆ دڵی خۆیان؟ گورگی ڕۆژگارن!

سەیری دیواری هاوبەشمانم کرد. ئەم دیوارە هاوبەشە هەموو کات هەیە و من زۆر جاران پاڵی پێوە دەدەم، بە بێ ئەوەی کە بزانم کێی کەش پاڵیان پێوە داوە.

پەنجەرەکە دەکەمەوە، شەو لە نیوە تێ پەڕیوە. هەموو ماڵەکان لە خامۆشی و تاریکیدا نوقم بوون. لە دوورە دەستەکانەوە چرایەک دایسێ...

هەندێ کەس لە میوانییەکان، بێ ژن و پیاوێک، لە بەتاڵیدا تێ دەپەڕن... هەندی چراش لە جێیەکی تر داییسێن، بەڵام نابینرێن.